بانکی ڕەشید بەنرخی فەرمی دۆلار بەگەشتیاران دەفرۆشێت

بانکی ڕەشید ڕایگەیاند، ئەمشەو سەکۆیەکی ئەلیکترۆنی بە مەبەستی فرۆشتنی دۆلار بەو گەشتیارانەی کە ئارەزووی کڕینی دۆلاریان بە نرخی فەرمی بانکی ناوەندی هەیە دەکاتەوە.

ئەمە سەشەمە، بانکی ڕەشید لە ڕاگەیاندراوەکدا ئاماژەی بەوەکرد، لە ئەمشەوەو گەشتیاران دەتوانن بەشێوەیەکی ئەلیکترۆنی دۆلار بە نرخی فەرمی بانکی ناوەندی بکڕن.

دەشێت، ئەم میکانیزمە نوێیە پێویستی بە کڕینی پشووختە هەیە و ئەوەش لە ڕێگەی لینکێکەوە ئەنجامدەدرێت کە لە پەڕەی فەرمی بانکەکەدا دانراوە کە مافی ئەوە بە کڕیاران دەدات سەردانی لقەکانی بانکی ڕەشید بکەن و پارە دینارەکانیان بە کاش پێشکەش بکەن و لە بەرامبەردا دۆلار لە ڕێگەی لقی بانکەکە لەناو فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی بەغدادا وەربگرنەوە.
باسی لەوەش کرد، ئەم ڕێکارە کڕینی دۆلار بە هاوڵاتییان و گەشتیاران ئاسانتر دەکات و هەوەدەن بە شێوەیەکی ڕاست و دروست زانیارییەکان تۆمار بکەن بە ئەوەی هیچ کێشەیەک لە بەڕێوەچوونی پرۆسەی ئاوگەی دراودا ڕوو نەدات.